# سیستمی دیموكراسی لەنێوان ململانەی ئەحزاب وسەربەستی كۆمەڵایەتی دا ، خوێندنەوەیەك بۆڕەوشی سیاسی عێراق

**ئەبوبكرئەحمەد سڵێمان**

2005-3-22 هۆڵندا

بەپێی چەمكی دیموكراسی ، جەماوەری بەرفراوانی خەڵك لەهەروڵاتێكدامەرجـعیەت وسەرچاوەی یاساوهێزودەسەڵاتە ، هەروەك چۆن نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی لەدوای موصـــادەقەی پارلەمان وئیستفتای گشتی بەدەنگی زۆرینە دەبێتەسەرچاوەوبەڵگەنامەیەكی یاسایی بۆبەڕێوەبردنی دەوڵەت ، سەبارەت بە كێشەهەرەگرنگەكانی وڵاتیش لەسیستمێكی دیموكراسی وپارلەمانیدادەكرێ لەڕێگای ڕیفراندۆم ودەنگدانی گشتی یەوە یەكلای بكرێتەوە .
لەسیستمی دیموكراسی دا ، پارلەمان دەزگایەكی تەشریعی یەوبەزۆرینەی دەنگ ئەتوانێت یاسای نوێ دەربكات وهەروەها بەپێی ئەودەسەڵاتەی كەلەدەستوری هەمیشەیی دا بۆی دیاری كراوە ئەتوانێت دەست كاری دەستورویاساگشتی یەكانیش بكات .

كەواتە پارلەمان لەنێوان ماوەی دو هەڵبژاردندالەهەروڵاتێك تاكەسەرچاوەی یاساودەسەڵاتە ، بەڵام كارەسات وكێشەی ئەساسی ئەوەیە كەلەسیستمی دیموكراسی سەرمایەداری داوەلەكاتی هەڵبژاردنەكاندالیستی حیزبەكان هەڵ دەبژێردرێت وخودی پارلەمانتاران لەلایەن حیزبەكانەوە ودورلەدەنگ ودەسەڵاتی خەڵك دەست نیشان دەكرێن بۆپارلەمان ، زۆرجاركەسانی بێ توانا و تەنانەت تاوانباریش دەبنەئەندامی پارلەمان ، ئەگەردورنەڕۆین ولەنزیكەوە سەرنجێك لەئەندامانی پارلەمانی كوردستان بدەین ئەوڕاستی یەمان بۆڕۆشن ئەبێتەوە كەجگەلەوەی ئەندامانی پارلەمان هەمویان كەسانی حیزبین ولەشەڕی چەكدارانەی حیزبەكاندابەشداریان كردوە ودیل وئەسیری یەكتریان كوشتوەوتەنانەت باڵاخانەی پارلەمان یان كردەسەنگەرومەتەرێزی شەڕی ناوخۆ ، هەروەها زیاترلەسێ لەسەرچواری ئەندامانی پارلەمانی كوردستان خەڵكانی یاساناس نین ودورنیەخەڵكانی نەخوێندەواریشی تێدابێت ، ئەی ئەدەبێ پێكهاتەی پارلەمانی ئایندەی عێراق چۆن بێت ؟ بێ گومان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی داهاتوی عێراقیش هەربەپێی پێكهاتەی تەبەقاتی كۆمەڵگاوڕەنگدانەوەی واقعی ململانەی ئەحزابی سیاسی سەركەوتوی هەڵبژاردنەكانی ئەم وڵاتەئەبێت وزۆرینەی 275 كورسی پارلەمانی عێراق دەكەوێتەدە ست نوێنەرانی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی وناسیۆنالیستی عەرەبی ، بەم پێیەش باڵاخانەی پارلەمانی ئەم وڵاتە دەبێتەمەیدانێكی تری ململانەی ئەحزابی سیاسی بۆیەكلاكردنەوەی كێشەی دەسەڵات بەكەڵك وەرگرتن لە حیلەشەرعی دیموكراسی یانەدژبەخواستەكانی زۆرینەی خەڵكی عێراق وچارەسەری كێشەی نەتەوایەتی خەڵكی كوردستانیش دەكەوێتە بەردەم قەزاوقەدەرێكی نادیارو ناڕۆشـــنەوە .

ئەگەربڕیاروایە پارلەمان مەرجعیەت وسەرچاوەی یاساودەسەڵاتی كۆمەڵگابێت ، كەواتە پێویستەزوربەی ئەندامانی پارلەمان كەسانی یاساناس وماف پەروەربن وبەشەكەی تریشی لانی كەم دیموكراسی خوزازوئینسان دۆست وخاوەن تەجروبەی سیاسی ودڵسۆزونیشتیمان پەروەرودڵپاك بن ولەقاڵبی تەسكی بەرژەویندی حزبایەتی بێنەدەروببنەونوێنەری ڕاستەقینەی زۆرینەی خەڵك و بیرلەبەرژەوەندی گشتی بكەنەوە ، ئاخربڕیارەكانی پارلەمان بەپێی سیستمی دیموكراسی بمانەوێت یانەمانەوێت بەزەبری زۆردەبنەیاسابەسەرخەڵكەوە ، چۆن دەكرێ كەسانی سەربازی ونایاسایی وبگرەنەخوێندەوار ببنەئەندامی پارلەمان وبەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی وبنەماكانی یاساوپاراستنی مافی تاكەكانی كۆمەڵ ، كۆمەڵەبڕیارێكی كوێرانەدەربكەن وناوی لێ بنێن یاساو بەسەركۆمەڵگادابەزەبری چەك دای سەپێـــنن ؟؟ ئەمەخەلەلێكی گەورەیەلەسیستمی دیموكراسی و پارلەمانیدا ، نەك هەرلەكوردستان بەڵكولەتەواوی دنیاش هەروایەوبەپێی بەرژەوەندی ئەحزابی ناوپارلەمان دەوڵەت ویاسابەڕێوەدەچێت . ئەندامانی پارلەمان لەسیستمی دیموكراسی دائەگەر ڕاستەوخۆلەلایەن خەڵكەوە ناســـنامەیان ڕۆشن نەكرێتەوەو

لەمحەك نەدرێن وهەڵ نەبژێردرێن ، ئیترئەندامانی حیزبی ناتوانن ببنەنوێنەری ڕاستەقینەی خەڵك وپارێزگاری لەبەرژەوەندی گشتی بكەن ، من نمونەیەكی زۆرسادەباس دەكەم ، كاتێك كەشەڕی ناوخۆ لەكوردستان دەستی پێ كرد ، پارلەمانـــتارانی كورد زۆرچۆرچاك دەیانزانی كەئەم شەڕە ڕاســتەوخۆلەدژی بەرژەوەندیەكانی جەماوەری خەڵكە ، بەڵام ئەندامانی پارلەمانی كوردستان نەك هەرهیچ هەڵوێستێكی بێ لایەن وڕۆشـــن یان نەبو لەبەرامبەرئەوشەڕەدا بەڵكوبەبێ گەڕانەوەبۆڕای گشتی جەماوەر پارلەمانەكەیان هەڵوەشاندودوای سیاسەتی حیزبەكانیان كەوتن .

عێراق وڵاتێكی فرەڕەگەزی یەوپێكهاتەی دەوڵەتەكەشی لەسەرخواست وئارەزوی خەڵكەكەی نەبوەوكێشەی قەومی تێدایە ، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعس وە بەپێی یاسای كاتی بۆبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق كەلەسەردەستی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ولەژێرچاوەدێری ڕاستەوخۆی ئەمریكادانوسراوەتەوە ،

سیستمی بەڕێوەبردنی ولآت بۆتەدیموکراسی ، هەرلەویاسایەداکوردستان دیسان لکێندراوەتەوە بەعێراق و وەك بەشێکی جیانەکراوەی ئە ولآتە حسابی لەسەرکراوە .

یاسای کاتی بۆبەڕێوەبردنی دەولەتی عێراق ، بۆ ولآتێکی یەکپارچەویەکگرتونوسراوەتەوە ومەسەلەی کورد وەك کێشەیەکی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان تەرح نەکراوەو زۆرلەبەندەکانی ئەویاسایەبەربەست وڕێگرن لەبەردەم داخوازی خەڵکی کوردستان بۆسەربەخۆی ورزگاری یەکجاری لەچەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەدواڕۆژدا ، بۆنمونەئەگەرلەڕێگای تەوافــقات موسالەحەی نیشتیمانی یەوە ئەمرۆحکومەتێك پێك بهێنن ولەناوپارلەمانیشدالەسەرمەسەلەگرنگەکانی دواڕۆژ پێك بێن ، وە بەپێی یاسای کاتی عێراق ، ئەگەر ڕەشنوسی دەستورەکەلەلایەن خەڵکەوە قبوڵ نەکراولەڕاپرسی گشتی داڕەت کرایەوە ، کۆمەڵەی نیشتیمانی هەڵ ئەوەشێتەوەودووبارە هەڵبژاردن ئەکرێتەوە ، ئەگەرئەوەڕوبدات هەموئەوڕێککەوتن

وتەوافــقاتانەی کەلەنێوان لیستی هاوپەیمانی کوردولایەنەعێراقی یەکانی تردائیمزاکراوەودەکرێ هەڵ ئەوەشێتەوەوهیچ ئیعتبارێکی سیاسی وقانونی لەپشت نابێت ودووبارە چارەنوسی خەڵکی کورد وئایندەی سیاسی کوردستان دەکەوێتەبەردەم قەزاقەدەرێکی ناڕۆشن ونادیارەوە .

کوردەکان لەبەرئەوەئەمرۆپێ لەسەرمەبدەئی تەوافــق دادەگرن ، ئەزانن کەخەڵکی کوردکەمایەتیەکی کەمەلەعێراقداو بەڕێگای حیلەشەرعی پالەمانی ودیموکراسی یانەدەکەونەپەراوێزەوەوهەردەنگدان وڕاپرسی یەکی سەرتاسەری لەعێراق بەتاییەتی سەبارەت بەکێشەی قەومی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دانیە .

پرۆسەی سیاسی لەسیستمی دیموکراسی دالەگەڵ ئەوەشداکەجۆرێکەلەخەبات وتێکۆشان لەئاستێکی بالآی هاوچەرخ و شارســتانیەت وتعددی وپارلەمانی داوەئالتەرناتیڤی کودەتای سەربازی یەبۆئالوگۆڕی دەسەلآت بەڕێگایەکی هێمنانە لەململانەی ئەحزابی تەبەقاتی کۆمەڵگادا ، لەهەمان کاتدائەم پرۆسەیە وە سیلەیەکی یاسایی یەبەدەست چینەکانی کۆمەڵگاوە لەکێ بەرکێ وململانەی سیاسیدابۆگۆشەگیرکردن ولەپەراوێزخستنی یەك ئەوی ترلەمەیدانی خەباتی سیاسی دا ، لیستی ئیئــتلافی عێراقی لەبەرامبەر داخوازی کوردەکان سەبارەت بەکێشەی کەرکوك وداخوازیەگرنگەکانی تری خەڵکی کوردستان ، بەڕێگای حیلەشەرعی ودیموکراسی یانەلەهەوڵی ئەوەدایەکەچارەسەری ئەم کێشانەحەوالەی پارلەمان بکات وشان لەبنی باری مەســئولیەتی ئیمزاکردنی هەربەڵگەنامەیەکی مێژوویی لەوبارەیەوە خالّی بکاتەوە ، هەروەهالەبەرامبەربەمانەوەی هێزی پێشمەرگەکەداخوازیەکی کوردەکانە ، ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق داوای ئەوەدەکات کە بەشی سەربازی سەربەڕێکخراوی بەدر وەك هێزێکی چەکدارولەنمونەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بمێنێتەوەوئەرکو ڕۆڵی پاراستنی ئەمنیەتی خواروی عێراقی پێ بسپێردێت .